

دلاوەر قەراغی

**●دلاوەر قەراغی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە پاش راپەڕینە مەزنەکەی کوردستانی باشوور دەنگ و سەدایان بە نێوەندی ئەدەبی کوردییدا بڵاوبووەوە. رەنگە کۆترین و کورتترین پێناسەیەك بۆ دلاوەر وشەی (( شاعیر )) بێت، ئەو خاوەنی هەموو ئەو رەهەندانەیە کە شیعر لە مرۆڤدا دەیانچێنێت. راستە ئەو وەرگێڕێکی بەتوانا و سەلیقەیە، بەڵام ئەو وجود و شوێنی خۆی لە دنیادا لەڕێگەی شیعرەوە بەیاندەکات و تەنها شیعریش دەتوانێت ببێتە چاویلکەی ئەو بۆ بینینی جوانی و دزێوییەکانی ژیان. ئەگەر دەتەوێت دلاوەر بناسیت دەبێت لە شیعردا بەشوێن فیگەر و خەسڵەت و دونیابینییەکانیدا بگەڕێیت. ئەو جودا لە هەموو ئەدیەکانی تر لێرە تەنها شیعری کردووە بە ماڵ بۆ خۆی و تەنهاش شیعر دەتوانێت دلاوەر بێت لە ساتە هەرە منداڵی و جوانەکانییدا. بێگومان ئەم پشت بەستنە رەها و تاقانەیە بەشیعر خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە ریسك و سەرکێشی بەڵام خۆشبەختانە دلاوەر تا ئاستێکی زۆر باش توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لەوەدا کە دنیابینی و ستاتیکا و چیرۆکە شیرین و پڕچێژەکانی خۆی لەڕێگەی شیعرەوە بخاتە ڕوو.**

**لڤین : من لەشیعری تۆدا هێندەی وێنەگرتن و ئەرشیفکردنی جوانی و منداڵی و خەیاڵ و ژیان دەبینم هێندە هەوڵێک بۆدەستکاریکردنی دونیا و واقیع و حاڵەکان نابینم، خۆت تا چەندێک ئەمە بەڕاست دەبینیت ؟**

دلاوەر قەراغی : با لە سەرەتادا قسەکانمان بەو ئاراستەیەدا ببەین کە من تا چەند توانیومە یاخۆ هەوڵمداوە لە ئاستێکدا لەسەر شتە گچکەکراو و لەپەراوێز نراوەکانی دونیای ئێمە بێمە دەنگ و لەسەریان بکەمەوە. توخمی منداڵیی لێرەدا قسە کردن نییە لەسەر منداڵیی بە مانا باو و کۆمەڵایەتییەکەی، بەڵکو مەیلێکی شاعیرانەیە بۆ وێناندنەوە و بەرجەستەکردنەوەی منداڵیی شتەکان بەدرێژایی ئەو مێژووەی کە لەگەڵ ئێمەدا ژیاون و گەورەبوون و دیارنەماون کەچی ئێمە زۆر کەم سەرنجمان لێداون. دڵڕەقیی لە دونیای ئێمەدا هەر بەتەنێ ئینسانی لە ژیان و جوانیی نەتۆراندووە، بەڵکو ئەو غەدرە بە ڕووبەرێکی زۆر پەلی بۆ پایماڵ کردنی شتە وردە ساکارەکانی دەوروبەرمان و بۆ خۆ لێهەڵە کردن و پەراوێزاندنیان هاویشتووە. پێموایە ئەدەب و هونەر و بەتایبەتی شیعر دەتوانێ ئەرکی گەڕاندنەوەی حورمەت بۆ ژیان لە دونیای ئێمەدا، لە ئاستێکی گەورەدا لە ئەستۆ بگرێت. یەکێك لەو بەرپرسیارییە گرینگانەی کە بکرێت شاعیر لە ئەستۆی بگرێت، بەڕای من هەوڵدانە بۆ ئاشتکردنەوەی ئینسانی ئێمە لەگەڵ ژیاندا، هەوڵدانە بۆ نوێکردنەوەی ئەو گرێبەستەی کە ئینسانی ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەگەڵ سروشت، لەگەڵ تەڵە گیایەك، لەگەڵ شەمشەمەکوێرەیەك و لەگەڵ کرمێکدا مۆری کردووە. شیعر دەتوانێت شتە دەرکراوەکان بهێنێتەوە ناو ژیانمان، بیانهێنێتەوە ناو پرۆسە

# دلاوەر قەراغی

## " منیش وەک هەر کەسێکی دی خەون بە گۆڕانەوە دەبینم گۆڕانێک لە ڕێگەی جوانکردن و بەها پێدانەوە نەک لە ڕێگەی کودەتا و وێرانکردنەوە "

دیداری یاسین عومەر ئیبراهیم

فۆتۆ سەیوان سەعیدیان

ئینسانییە قووڵەکە. شیعر دەتوانێت ئەو بوونەوەرە میهرەبانانە بهێنێتەوە ناو حەکایەتەکانی منداڵیی کە بە لاستیکی خەتکوژانەوەی سیاسەت سڕدراونەتەوە یاخود ئەرکی تری جیاواز لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆیان دراوەتێ یان بە ناهەق هەریەکەیانی لەسەر بیچم و قەڵافەتی دوژمنە زۆر و زەوەندەکانی خۆی وێناکردۆتەوە. واتە دەکرێت شیعری ئێمە لە جومگەیەکی گرینگیدا ببێتە مانیفێستێك بۆ تۆلێرانس و ژیاندۆستیی.

**لڤین : شیعری تۆ کەمتر تورەیە کە ئەمەش لەتۆدا زۆر جوانە (( بەپێچەوانەی یەک نەوەی تازە کە سەروخوار خەریکی هەڵرشتنی تورەییە )) تۆ هێندەی لە سۆفییەکی لەدونیاراماو و سەرسوڕماو بە دیمەنەکانی دەچیت هێندە لە شاعیرێکی کودەتاچی ناچیت کە دەیەوێت سەرلەبەری ژیان بگۆڕێت؟ ئەمە هەر پەیوەندی بەو سروشتە ناسک و هێمن و بێدەنگەوە هەیە کە تۆ هەتە یان شتێکیتر؟**

دلاوەر قەراغی : لە ڕاستیدا منیش وەك هەر کەسێکی دی خەون بە گۆڕانەوە دەبینم بەڵام گۆڕانی دونیا زیاتر لە ڕێی جوان کردنەوە و بەها پێدانەوەیەوە نەك لەڕێی کودەتا و وێران کردنییەوە. برێکی زۆری ئەو ئەرکەش بە ڕای من بریتییە لە ئیشکردن لە ڕووبەری جیا جیادا بۆ گەران، بۆ کەشف کردن و ڕوناك کردنەوەی قەڵەش و کەلەبەرە تاریك و کەمتر بینراوەکان. زاهیدێك دەڵێت: قسەیەك دەتوانێت ڕۆحێك ڕزگار بکات. ڕزگارکردنی ڕۆحێك بەو مانایە واتە نزیك بوونەوە لە خەرەند و چاوبرینە چاوی ترس و ئامادەبوون بۆ بازدان. گەر قسەیەك بتوانێت ڕۆحێك ڕزگار بکات، ئیدی دەبێ شیعرێك بتوانێت چ بکات؟ دەشێت جوانییەك لە تووڕەییدا هەبێت، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەدا کە مرۆڤ چ دەرووبەکی تر شك نابات جگە لە خۆڕاپسکان و هاوار، بەڵام کاتێك هەمان تووڕەیی وەك خۆی و لە بەرگێکی دروشمئامێزدا دێتە ناو شیعر و کاری ئەدەبییەوە، ئەوا بەر لە هەر شتێك خەیاڵ و زوبان دەکوژێ و ئەوەشی بەرهەم دێت نەك هەر نابێتە شیعر، بەڵکو تووڕەیی، جوانییە خۆڕسك و منداڵانە و عەفەوییەکەی خۆیشی لە دەست دەدا. دەبێت ئەوەش بڵێم کە شیعر هەیە لێوانلێوە لە تووڕەیی، بەڵام تووڕەییەك کە موتووربە بووە بە ڕیتمێکی نەرم و بە سێلاوێك لە سیحری وشە. خەراپ نییە گەر لەم تووڕەییەی شاعیرێکی فارس کە بۆ شەهیدبوونی گوڵسورخی شاعیری نوسیوە بنۆڕین، کە چۆن هێور و نەرم دەیەوێت ببێتە شیعر:

دونیا بە دوو شتەوە جوانە
یەکەم: شاعیر
دووەم: شاعیر
ئێوە هەردووکیانتان لەم دونیایەدا
کوشتن
یەکەم: خوسرەوی گوڵسورخی
دووەم: خوسرەوی گوڵسورخی

**لڤین : لەشیعری تۆدا هەمیشە ترسێک لە بزربوون دەبینین، هەمیشە ترسێک لە لەبیرچوونەوە خۆی مەلاّسداوە، هەمیشە دەمێک لەسەرپێیە بۆ خواحافیزیکردن، ئەمە بۆچی؟**

دلاوەر قەراغی : دەشێت گونجاوتر بێت گەر ئەوە بە ترس لە دیارنەمان ناوزەد بکرێت وەك لە ترس لە بزربوون. لە قۆناغی دواتردا، بەتایبەتی لە هەندێك لەو کارانەمدا کە لە ئەوروپا نووسراون، ئەو هەستکردن بە دیارنەمانە ڕوونتر لەسەر ئاستی ئیشکردن لەنێو هاجسی مردندا خۆی دەخاتە ڕوو. جیاوازی لەنێوان ئەو دوو جیهێشتنەدا ( گەر بکرێت ناوی بنرێت جیهێشتن ) لەوەدایە کە یەکەمیان جیهێشتنێکی جەستەیی و کاتییە، دووەمیشیان جیهێشتنێکی ڕۆحیی و ئەبەدیی. هەستدەکەم لە ڕووبەرێکی دەرەوەی ئەو پانتاییەدا کە زێدی خۆتە و بە دەیان ڕەگ و ڕیشاڵ بەخۆیەوە گرێداویت، نووسین لە فەزایەکی بارگاویتردا

به مردن خۆی وەدیار دەخا و مردن ئامادەیی و هەژموونێکی قووڵتر و بەرفراوانتری هەیە. ئەمە وەك ئەزموونی حیسیی خۆم لە دەرەوە و لەنێو دونیای خۆم و بەرکەوتنمدا بە ژیان و تەنانەت بەو هەوایەوە کە هەڵیدەمژم هەستی پێدەکەم و لە هەندێك شیعرمدا زۆر بە ئاشکرایی ڕەنگی داوەتەوە. سەفەریش بەهەمان شێوە بوعدێکی دی وەردەگرێت جیاواز لەو بوعدەی کە لە هەنگاوەکانی یەکەمدا هەڵگری بووە. لێرەدا سەفەریش بە هەمان شێوەی چەمکی ترس لە دیارنەمان، هەر بەوەوە ناوەستێت کە ڕۆیشتن بێت لە وێستگەیەکەوە بۆ وێستگەیەکی تر و جێهێشتنی ڕووبەرێکی جوگرافی و جێگیر بوون بێ لە ڕووبەرێکی تری جوگرافیدا، بەڵکو سەفەر دەبێتە حاڵەتێکی بەردەوام و تەنانەت لەهەندێك ئاستیدا دەمامکی خودی مردن دەپۆشێت. لەم ڕووەوە دەکرێت بۆ ئاشنابوونی زیاتر لەمبارەیەوە بۆ قەسیدەی ( قسەیەك بە بۆیەی پاستیل ) بگەڕێینەوە کە لەوێدا فەزای شیعرەکە ئاخنراوە بە سەفەر و بە دەمامکە جۆراوجۆرەکانی مردن. لەوێدا مردن بەرکەوتنێکی بەردەوام و زۆر نزیکی وای هەیە، کە تەنها سەربەرز کردنەوەیەك بەسە بۆ ئەوەی بیبینیت و دەستی لێوە بدەیت.

**لڤین : منداڵی ڕووبەرێکی زۆری شیعرەکانتی داگیرکردووە، من وا دەبینم تۆ بەچاوانی مناڵێکەوە خەریکی سەرلەنوێ نووسینەوە و وێنەکێشانی دونیا و ژیان و نیشتیمانیت، مناڵی لەدونیای تۆدا چ شوێنێکی هەیە و تا چەندیش پەیوەستیت بەمنداڵی خۆتەوە ؟**

دلاوەر قەراغی : ئێوە شانازییەکی زۆرم دەدەنێ و دەمخەنە بەر ئەرکێکی قورس بەتایبەتی کە منداڵیی من لەنیوەی ڕێدایە و هێشتا شتێکی ئەوتۆی لەو هەموو دیارییە سەرسوڕهێنەرانەی خۆی نەداومەتێ و هێشتا شتێکی ئەوتۆی لەو دونیایەی خۆی پێ نەنووسیومەتەوە. لە ڕاستیدا پێوەست بوونی من بە منداڵییەوە لەو ڕووانینە ساکار و ڕەنگاوڕەنگ و فرە ئاماژەیدایە کە منداڵ لە بەرایی یەکەم بەرکەوتنیدا بە دونیاوە، شتەکانی دەوروبەری خۆی پێدەبینێ، واتە بینینی شتێك بۆ یەکەمین جار و دوایەمین جار. هیچ شتێك لە دونیای منداڵییدا جێگیر نییە، هیچ دەقێکی تۆمارکراو لەسەر ڕەفەکانی منداڵییدا نین، هیچ مەرجەعێك نییە کە منداڵیی لە تەنگژەکانا بگەڕێتەوە بۆی. بەڵکو ئەوەی هەیە بێباکییەکی بەرفراوان و نا ئینتیمابیەکی بێ سنوورە کە پڕە لە تەماحی دەست ڕاگەیەشتن بە کەشفکردن و ڕیسك و باڵ گرتنەوە و تیاچوون.

**لڤین : خاڵێکی تری جێیسەرنج لەشیعری تۆدا کە زۆر بەرجەستەیە « شوێن »ـە بەردەوام ترازانێک دەبینم لەنێوان شوێنێک و شوێنێکیتردا، تۆ تا چ ئاستێک لەژێر زەبر و کاریگەری شوێندایت؟**

دلاوەر قەراغی : دەشێت ئەو پەیوەست بوونە بە شوێنەوە لە ئاستێکی سەرەکیدا هەوڵدانێك بێت بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئەو شوێنانەی کە بەهۆیەك لە هۆیەکان لە خەیاڵدانی ئێمەدا ڕماون و لە بنەڕەتیشدا بە یەك دونیا تاڵە دەزووی نەبینراو بەستراوینەوە پێیانەوە. بەم مانایە شوێن لێرەدا تەنها زێدی لەدایکبوون یاخۆ چەند خانوویەك یان شەقام و کۆڵان و شارێك نییە، بەڵکو لە ساتەوەختی بەرجەستەکردنەوە و وێناندنەوەیدا دەبێتە توخمێك کە دەکرێت ببێتە هەڵگری چەندین ئاماژە بۆ سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بینینێکی سەراپاگیرتر و شیعریانەتر بۆ شوێن. شوێنگەلێك کە ئێمە لە خەونەکانی منداڵییدا هەمان بوون و ئیتر نین. شیعری ئێمە لە ئاستێکیدا نەك هەر هەندێك جار لە بەرهەمهێنانی جوانیدا کورت دەهێنێ، بەڵکو ئیشکردنیشی لە شوێندا جۆرێکە لە فۆتۆگرافاندنەوەی دەقاودەقی واقیعیانە و جوگرافیایانەی شوێن. گەر سەرنج لە قەسیدەی ( لە گرگاشە دابەزین هەیە ) بدەن، گرگاشە وەك ناوی جێگایەك دەبێتە فەزایەك بۆ پێکداچوواندنی شوێن و کەسەکان، گرگاشە ئەو جێگایەی کە هەرگیز لەوەوبەر نەمانبینیبوو، شەوێك لە ڕەوێکدا پەنامان تێدا گرت و بەر لە خۆر کەوتن جێمانهێشت، ئەو جێگایە لە ڕەهەندی میتۆلۆژییانەی خۆیدا دەبێتە کەرەستەیەك بۆ عیبراندنی کۆڕەو، هەروەها دەشبێتە ئاماژە بۆ ناوی ئەسپێك کە لە شیعرەکەدا بە یەکێك لە ئەسپەکانی ئەبوتاڵیب ناوی براوە. هەمان ئیشکردن بەڵام بەجۆرێکی تر لە شیعری ( بەلەمێکی کاغەزیی تەڕ بە هەتاودا ) دووبارە دەبێتەوە، بەوەی ئارڤیکا، کە ناوی شارێکە لە سوێد، بەردەوام لە لافاوەکاندا خۆی دەکاتەوە و خەڵوەتگە و تەنیایی و پادشا و لاساریی و منداڵییەکانی دەخاتە ڕوو.

**لڤین : هەمیشە شیعرەکانت پێشکەش بە کەسانیتر دەکەیت کە ئێمە دەیانناسین و خۆشماندەوێن، شیعرەکانت بە تایبەتی ئەوانەی ناو مەلەک ڕێحان کەمتر ئەبستراکتن و نزیکترن لە وێناکردنی ئێمەوە، بۆچی تۆ شیعرەکانت بە واقیع و کەسەکانەوە دەبەستیتەوە؟**

دلاوەر قەراغی : ڕاستە چەند شیعرێکی دیاریکراوم هەن کە پێشکەش بە کەسانی تر کراون. لێت ناشارمەوە هەندێك لەو شیعرانەم خۆش دەوێن و بە شیعری باشی خۆمیان دەزانم، بەتایبەتی ئەو شیعرانەیان کە قوڵپی گریانێك لەگەڵ خۆی هێناونی، لەژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕکردنی دوو جوملەی قووڵی ئینسانیی لەگەڵ یەکتر، ئاوەڵاکردنی نهێنییەکی لە ناوەوەڕا تاساو بۆ یەکتر، هەستکردن بەوەی کە پێوەندییەکی هاوڕێیانە لە ساتەوەختە قەیراناویی و دژوارەکانا لەسەر ئاستی زۆر گرینگ خۆیت بۆ دەکاتەوە، نووسراون. دەبێت ئەوەش بڵێم کە یەکێك لە نەریتە جوانەکانی ئەدەبیاتی ئێمە هەر لە نالییەوە تا ئەم نەوەیە، گەر سەرنج بدرێت پێشکەشکردنی شیعر و بابەتی ئەدەبییە بە یەکتری. لەڕاستیدا شتێکی گەورەتر لە تەنها هاوڕێیەتییەکی ساکار و ڕاگوزەریی، زۆرێك لە ئێمەی بە جۆرێك لە جۆرەکان بە خەمێکی تەنك و جوان و هاوبەشەوە بە یەکترەوە گرێداوە، بەتایبەتی دوای ئەو هەموو پەرتەوازەبوون و نائومێدیی و لەیەکتر

دووركەوتنەوە زۆر و درێژخایەنانە، بەجۆرێك كە دەشێ هەر تەنها شیعر دەرەقەتی گوزارشت كردن لەو حیرمانە بێت. ڕاستە هەندێك جار ئاستەنگ دەكەوێتە نێوان پێوەندییەكانی هاوڕێیەتیی و بۆی هەیە كەوتنی دەنكە زیخێك بۆ نێوان ئەو پێوەندییە، سەراپای ئەزمونی هاوڕێیەتییەكە تێكوپێك بشكێنێت، بەڵام ئەوە هەموو كاتێك ڕوونادا و گەر ڕووشبدا شیعرەكە بۆ خۆی ئیدی لەحزەیەكە لەو ڕاستگۆییە دەگمەنەی كە پێموایە دەبێت ئەدەب و كاری داهێنەرانە هەڵگری بن.

**لڤین: ئایا تۆ وەک شاعیرێک تا چەندێک هەستدەكەیت لێرە خوێندراییتەوە؟ مەبەستم لە خوێندنەوە ئەوەیە كە تاچەندێک كاریگەرییەكانی خۆت بەسەر ناوەندی ئەدەبی كوردییەوە دەبینیتەوە؟ لەو ڕووەوە تا چەندێک دڵخۆش یان بێئومێدیت؟**

دلاوەر قەراغی: كەم تا زۆرێك هەست بەو كاریگەرییە دەكەم و هەستی پێدەكەم، بەڵام لێت ناشارمەوە بە هەمووی دڵخۆش نیم. تەنانەت هەندێك جار ئەو پێناخۆشییەم دەگاتە ڕادەی نائومێدبوون. نائومێد دەبم كاتێك دەبینم چەندین دێر و تەنانەت برگەی شیعرێك وەك خۆی لەنێو شیعری كەسێكی تردا دەبینمەوە. ئەوە ئیتر لە كاریگەریی دەردەچێ و دەبێتە شتێكی دی. لەم ماوەیەدا ( هیوا قادر ) ی هاوڕێم گوتی بەتەمام هەمدیس كۆمەڵە شیعری سێوی سوور چاپ بكەمەوە، لەبەرئەوەی سێوی سوور ئەو كتێبەیە كە خۆی دیار نییە، كەچی زۆربەی دێرەكانی ناو كتێبەكە بۆ ناو شیعری خەڵكانی تر گوێزراونەتەوە. من گوناهی دیاردەیەكی لەو جۆرە بە پلەی یەكەم دەگەڕێنمەوە بۆ ئەو پاشاگەردانیی و كەمتەرخەمییەی كە ئەوڕۆكە دۆخی ڕوناكبیریی كوردی تەنیوە و هەر لە زۆری و بۆریی بڵاوكراوەكانەوە تا دەگاتە نەبوونی نرخاندنێكی

بەرپرسیارانە و جیددی، ئاكامی ئەوەش دیارە هەزارانفرۆش كردن و ئیستیسهال كردنێكی ترسناكی كاری ئەدەبییە بەوەی هەر تەنها




بۆشایی گۆڤار و ڕۆژنامە زۆر و زەوەندەكانی بێ پڕ دەكرێتەوە و كاری فێستیڤاڵەكانی پێ ڕایی دەكرێت. نابێ ئەوەشمان بیر بچێت كە لەنێو هەمان ئەو پاشاگەردانییەشدا، دەنگی تایبەت و جوانی گەنجانە پەیدابوون و هەن كە من بەش بەحاڵی خۆم جاروبار شیعری زۆر جوانیان دەبینم و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی خوێندنەوەی كاری داهاتوویانم.

**لڤین: ڕاستە شیعرەكانت حوزنێكی نەرم و دڵنشین و جوانیان تێدایە، بەڵام هەست بە گەشبینییەكی شاراوە و پۆشراویش لە دەقەكانتدا دەكرێت، گەر ئەم تێڕوانینەی ئێمە ڕاست بێت چی وادەكات گەشبین بیت؟**

دلاوەر قەراغی: گەشبینم چونكە هێشتا هەناسە دەدەم و دەتوانم شیعر بنووسم و گەر دەسەڵاتم بەسەر كتێبێكدا بشكێت دەتوانم قەڵەم بەدەستەوە بگرم و وەریبگێڕم. گەشبینم چونكە ئەوەتا من و تۆ لێرەدا پێكەوە لەسەر دوو كورسی دانیشتووین و وەك دوو هاوڕێ كە بە بینین و یەكتر ناسینی یەكتر خۆشحاڵ بن، پێكەوە دەپەیڤین. گەشبینم كە هێشتا پاییز هەمان ڕیتمی جارانی منداڵییە و هێشتا هەر بۆنی قاورمەی نۆكەكەی ماڵای

قاورمە و لاستیكی بۆنخۆشی خەت كوژانەوە و ئەو ژێر گوێسوانانەی لێدێت كە دوای ئیزن بوونمان لە قوتابخانە، پڕیان دەكردین لە پەڕەسێلكە و باران. بەڵام بێگومان ئەو گەشبینییانە هەمیشە ڕووپۆشن بە توێژاڵێكی تەنك لە حزن، حزنێك كە پێموایە بۆ گۆڕین و جوانكردنی دونیا هێندەی ئومێد و گەشبینیی پێویستە و دەتوانێ لەم دونیا بە شێوەیەكی ناجوامێرانە ساردەدا، بۆ تاوێك گەرممان دابێنێ.

**لڤین: تۆ وەک یەكێک لە وەرگێڕە هەرەباشەكانی كورد ئاستی وەرگێڕان بۆ كوردی لە ئێستادا چۆن دەبینیت و ئەو بابەتانەی كە لێرە هەڵدەبژێردرێن بۆ وەرگێڕان تا چەندێک ناوەندی ڕۆشنبیری ئێمە پێویستی پێیەتی؟**

دلاوەر قەراغی: هێندەی ئاگادارم ئەمڕۆ جوولەیەكی بەرفراوان و هەمەلایەنەی وەرگێڕان لە هەموو بوارەكاندا كەوتۆتە گەڕ. پێموایە شتێكی ئاساییە كە لە بەرایی ئەو حەز و كەفوكوڵە زۆرەدا بۆ وەرگێڕان، هەندێك كاری هەڕەمەكیی و نوقستان بەرچاو بكەون. بێگومان ئەو بزاڤەی وەرگێڕان لە ئێستادا پێویستی بە سیستماتیزە و جۆرێك لە شەنوكەو



کردن هەیە، ئەمەش بە پلەی یەکەم ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەیە کە کاری بۆ بکەن. ئەگینا وەکی تر کتێبخانەی کوردیی هێند هەژارە کە گەرەکی بە تەرجومەکردنی بەرد و لمیش هەیە.

**لڤین : وەرگێڕان بۆ زمانەکانی تری نەتەوەکان کارێکی گرنگ و گەورەیە. کورد و ئەدەبی کوردیش تاچەندێک پێویستی بەم وەرگێڕانەیە؟**

دلاوەر قەراغی : ئاشکرایە عەرەب و فارس بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاشنایەتییان ( گەرچی لە ئاستێکی زۆریشدا نەبێت ) لەگەڵ ئەدەبییاتی کوردییدا هەیە، بەڵام ئەوەی کە زۆر کەمە و بە دڵنیاییەوە جێگای لەسەر وەستانە، وەرگێڕانی ئەدەبیاتی کوردییە بۆ زوبانەکانی دی. بێگومان لەم بوارەدا هەوڵ دراوە و هەموو ئەو هەوڵانەش جێگەی ڕێز و ستایشن. من بۆ نموونە کە لە سوێد دەژیم و قسەم لەگەڵ هەندێك خەڵکی ئێرەدا کردووە کە حەزیان لە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئێمەیە، یەکسەر ناوی گۆرانیان هێناوە کە کاك فەرهاد شاکەلی کردوویەتییە سوێدی، ناوی کاك ڕەفیق سابیر کە شاعیر و سوێدیی زانی لێهاتوو گۆران مەریوانی شیعرەکانی کردووەتە سوێدی. لەم ماوەیەشدا ئەنتۆلۆگیایەکی تایبەت بە شیعری کوردیی لە وەرگێڕانی د. کەمال میراودەلی لە سوێد بە زوبانی ئینگلیزیی دەرچووە و چەند شاعیرێکی نەوە جیاوازەکانی شیعری کوردیی لەخۆ گرتووە. ئەمە جگە لە هەندێك کەسی دی کە خۆیان هەر بە زوبانی سوێدی دەنووسن وەك کاك حەمە دۆستان و یاخود لە زوبانی ترەوە کارەکانیان بۆ سوێدیی وەردەگێڕدرێت بۆ نموونە ڕۆماننووس محەممەد ئۆزۆن و سەلیم بەرەکات. وەك گوتم ئەم بزاڤی وەرگێڕانە لە کوردییەوە بۆ زوبانەکانی تر هەیە، بەڵام سستە و نەبووەتە خەمێکی جیددی و ئۆرگانیزەکراو. هێشتا گەلێك بەرهەمی شایستە و شایانی خوێندنەوە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا هەن کە زۆر گرینگە وەربگێڕدرێنە سەر زوبانەکانی دی.

**لڤین : هەمیشە پەلاماری شاکاری گەورە و بابەتی ئاڵۆز دەدەیت بۆ وەرگێڕان و هەمیشەش وەرگێڕانەکانت سەرکەوتوو و جوانن، ئەم کارە تا چەندێک هیلاکت دەکات و چیشت پێدەبەخشێت؟**

دلاوەر قەراغی : نازانم ئەو چەند کارە زۆر کەمەی کە وەك وەرگێڕان کردوومن تا چەند جێی سەرنج بوون، بەڵکو ئەوەی دەیزانم و دڵنیام لێی هەر هەموویان بە عیشقێکی گەورەوە هاتوونەتە ناومەوە و تێکەڵ بە فرمێسك و شەونخونیی و ئەو چرپە خۆشە بوون کە من نەمتوانیوە بە شیعر و لەڕێگەی شیعرەوە بەگوێی خوێنەرانی کوردیدا بدەم و لەڕێگای وەرگێڕانی کاری خەڵکانی ترەوە گوتوومن. ئازیزم ... نووسین بۆ خۆی نامۆبوون و شەڕێکی گەورەیە، چ جای ئەوەی تۆ ئەو شەڕە بگوێزیتەوە بۆ وڵاتێك کە هەزار ساڵ تیایدا بژیت هەر بێگانەیت و وەك سڵق ڕووت و تا سەر ئێسقان تەنیایت. نووسین لێرە کات گرتنەوەیەکی خەتەرناکە لە ژیان و تەندروستیی خۆت، کات گرتنەوەیەکی ترسناکە لە ژیانی خێزان و لە گەمەی دووقۆڵیی نێوان خۆت و مناڵەکەت، خۆ دزینەوەیە لە قەرەباڵخیی و لە لۆقنتەکانی کورد و لە بۆنە زۆر و زەوەندەکانی دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکێ و لە دوکانۆچکەکانی حیزب. بێگومان ئەوانە هەر هەمووی سەرئێشە و لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا هیلاکیین، بەڵام ئەوەی دواجار چێژێکی گەورت پێدەبەخشێت، ئیمەیلێکی دوور دوورە لە کەسێکی نەناسیاو لەوپەڕی دونیاوە، کە بەرهەمەکەتی خوێندۆتەوە و هانت دەدا و وزەت دەداتە بەر و دڵنەواییت دەکا.

**لڤین : بۆچی جگە لە شیعر و وەرگێڕان کەمتر گوێمان لە دەنگی تۆیە، مەبەستم ئەوەیە زۆر بە دەگمەن چاوپێکەوتنێکت دەبینین و کەمتریش قسە دەکەیت ؟**

دلاوەر قەراغی : بۆچی هاوڕێم ... ئاخۆ شیعر و وەرگێڕان دەنگ نین؟ من پێموایە ئەوانە خۆشترین دەنگن کە لەم لەحزەیەدا بدرێن بەگوێی خەڵکی ئێمەدا، خەڵکێکی تایبەت و ساکار و نەوعیی و بێزار لە باقوبریقەکانی ڕاگەیاندنی کوردی، بەتایبەتیی کە ئەمڕۆ قسەکردن لە ڕاگەیاندنەکانا بۆ ئاستێکی نزم دابەزیوە و زۆر جار مرۆڤ تیایدا شەرم لە نووسەر بوونی خۆیشی دەکا. ئەوە میدیای تەمبەڵی حیزبە کە کۆمەڵێك ڕۆشنبیری مەعمیلی خۆی هەیە و بە مەنتیقی ( ئەوەی لەبەر چاوانە لەبەر دڵانە ) بیردەکاتەوە، مەنتیقی کردنی ڕۆشنبیر بە قەرەقۆز کە لە هەموو بۆنەیەکدا بدوێ و لەسەر هەموو شتێك ڕای خۆی بڵێ و قسەی هەڵیت و پڵیت دووبارە بکاتەوە.